# عەبدولا گۆل گەیشتە کۆشکی کۆماری،
# بەڵام کێشەکان هێشتا بە هەڵپەساردراوی ماونەتەوە

مەهدی کاوانی/بەریتانیا
mahdikawani@yahoo.co.uk



هەرچی بە وردی تەماشای باری تورکیا بکات و شارەزایی تای تەرازوی سیاسی و دەسەڵات و کێشە ی عیلمانیەت و دین و ئەتنی هەبێت . ڕەنگە مانایەکی وەهات بداتە دەست و ئەوە بڵێ ،تورکیا هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئەو ئاستەی کە لە ڕێگایەوە شتەکان ئاسایی بنەوەو خەلکەکەی دڵنیا بکات کە بۆ لەمەودوا بە ئارامی یان هەر نەبێت ژیانی ئاسایی بەڕێوەو ببات .ڕەنگە زۆر کەس وا پۆشتە بکات ک هاتنە پێشەوەی پارتی عەدالەو گەشەپێدان بەکارێکی یەکسانی دینی لە قەلەم بدات.

بەڵام ئەوانەی شارەزایی کێشمە کێشمی سیاسی تورکی بن بە تایبەتی لە ناو هەوادارانی سکۆلارئیزمی ڕاستەقینەو سکۆلاریزمی مۆدێلی ئەتاتورک و عەسکەر ئەوە دەزانن کە ئەو بیرۆکەیە زۆر لە پێش ئەوەوەیە .بەڵام ئەگەر ئەوە بڵێین هەوادارانی دینی،ئەسپ سواری باشتر بووون لە هەوادارانی سکۆلاریزمی ڕاستەقینە ، ئەوە لەو بارەیەوە هیچ قسە گەلێکم نیە .

بیرۆکەی سکۆلاریزمی ڕاستەقینە کە  بە ناوی کۆماری دوو ناو زەند دەکرێن دەربڕینەکانیان خۆی لەوە دەدیتەوە کە کۆماری تورکیای یەکی کەمالیزم بە کۆماری تورکیای سکۆلاریزمی ڕاستەقینە بگۆڕدرێتەوە .

ئەگەرچی هەوادارانی کۆماری دوو خۆیان لە ناو پارتێکی سیاسی سەربەخۆ نەدیتیەوە،بەڵام بیروباوەڕەکانیان زیاتر لە 15 ساڵێک دەبێت کە زۆر بە فراوانی خۆی گەیاندوتە ناو ڕۆشەنبیری تورکی وکەسایەتیە هەرە دیارەکانی ئەو تەیارە سیاسی و ئایدەلۆجیە. کەسایەتیە دیارەکانیان، بریتین لە (تیورناس  موحەمەد ئالتانکە پرۆفیسۆرە لە ئابووری ،نووسەر جەنگیز تشاندار ،نوسەر حتیین مەحجوبییان.

خالی جیاکەرەوەی ئەو بیرۆکە نوێیەی تورکی خۆی لەوە دەبینێتەوە کە ئەو کۆمارەی کە بەناوی کەمال ئەتا تورک لە بیستەکانی سەدەی پێشوو بە ولادەت بوو ، لە ناوەرۆکدا لە دەسەڵاتی نوخبەی عەسکەر بە سەر گەڵ بەولاوە هیچی تری نەدەگەیاند .ڕاستە توانرا لە ڕێگەیانەوە کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی ئیسلامی بینێ ،بەڵام مەهامەکانی سیستەمی کۆماریشی کە لە ڕێگەی نوێنەرایەتی گەل و هەڵبژاردنەوە دەبێ بە ئامانج نەگەیاند و ناوەرۆکی دەسەڵاتی تورکیا وەک خۆی مایەوە و ئەو گۆڕانکاریەی ڕووشی دا تەنیا ئەوە بوو نوخبەی دەسەڵاتی پاشایەتی بە نوخبەی دەسەڵاتی عەسکەر گۆڕدرایەوەو چارەنوسی ئەتنیکەکان و دین و مەزهەبیش لە سیستەمی کۆسمۆپۆلیتی گوڕدرا بە دەولەتی ئەوانەوە . واتە هەرهەمووی لە ناو بۆدەقی نەتەوەی تورکی و سیاسەتی نوێی کەمالیزم لە قالب دران . ئەگەر قسەو باسیش لە سیستەمی هەڵبژاردنی ئازادانەی تورکیا بکرێ ،سنووردار بوو . هەر کاتێ لە ڕێوشوێنەکانی کەمالیزم و دەسکەتەکانی عەسکەرو نوخبەی سیاسی وا بەستە پێیانەوە دەرچووبایە ،بە کودەتای سەربازی وەڵام دەدرانەوە .

پرۆفیسۆر موحەمەد ئالتان دەڵێ لە ڕاستیدا دەولەتی نەتەوایەتی هەیە کە نەتەوەیەک یان چەند نەتەوە بە وشیاریەوە هەوڵی پێکەوە نانی دەولەتێکی سەربەخۆ دەدەن بەڵام هینەکەی ئەتا تورکی نە ئەو ئامانجەی هەڵگرتبوو وەنە ئەو شەش ڕاگەیاندنە  کۆماریەی(نەتەوایەتی،کۆمارخوازی،گەلپەرستی.عەلمانیەت،بەرەوپێشەوەبردنی  دەولەت، ،شۆڕشگێڕی) کە بانگێشەی بۆ دەکرد بە کرداری گەیاند بەلکو لە جیاتی ئەمانە کاردانەوەکانی نەتەوەی دەولەتی بەرقەرار کرد . واتە هەموو شتێ لە پێناو داخوازیەکانی دەولەتی عەسکەر، نەک گەلەکانیەوە . بە هۆیەوە هەموو بیرو باوەڕە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی تری ڕەتدەکردەوەو بەردەوام لە کاری وەها دابوو لە ڕێگای بە دوا داچونی یاسایی کۆتاییان پی بێنێ یان

سەربەستی کارکردنیان سنوور دار بکات . کە ئەو کاردانەوانەش بووە هۆی ئەوەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی و پیشکەوتنی وڵات کۆسپ بخرێتە بەردەمیان لە پێناو بووژانەوەو بەرەو پێشەوەچووندا .

لە بواری ئابووریش سیستەمەکە تیکڕا بوو بە سیستەمێکی ڕەیعی لە سەر خاوەنداریێتی زەوی. خاوەندارەکانیشی بە گشتی نوخبەیەکی بیرۆکراتی بوون و باشترین دەسکەوتیان لەو ڕەیعە زەویە وەر دەگرت و لە ڕێگەشیەوە ئابووری وەبەرهێنراو بە شکلە دواکەوتووەکەی تا کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە مایەوەو لە ساڵەکانی دواییدا بە ئاشکەرا و ڕاستەو خۆ نوخبەی دەسەڵات سامانی ئەو وڵاتەی بۆ قازانجی خۆی ڕادەکێشا و نیوەی دانیشتوانی تورکیاش بە چالاکیەکانی کشت و کاڵ بە شێوە دواکەوتوەکەیەوە مانەوە .

داواکاریەکانی ئەو پڕۆفیسۆرو تیورزان و سیاسیە نوێیانە ،تێڕوانینی جیاوازیان خستبووە بەردەم دەسەڵاتی نوێ لە تورکیا کە دەبێ : سیستەمی خۆ چەسپاندن بە سیستەمی دیموکراتی و ئابووری کشت وکاڵی ڕەیعی بە ئابووری وەبەرهەمهێنان و دەسەڵاتی عەسکەر بە دەسەڵاتی گەڵ و خاوەنداریێتی دەولەت بە خاوەنداریێتی کۆمەڵ بگۆڕدرێن و پێناسەکانی دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ پیادە بکەن و ئەو باجەی کە وەریش دەگیرێ بۆ بەڕیوەچونی چالاکیەکان دەوڵەت، دەبێ لە ژێر چاودێری دابێ و بۆ بەرژەوەندی خەلک بەکار بهێنرێ . بە کورتیەکەی دەبێ ئەو سیستەمە بە تەواوەتی بگۆردرێ و سیستەمێکی تر شوێنی بگرێتەوە . واتە ئەو دەولەتەی کە وای لی هاتبوو کە خەلک خزمەتی بکات دەبێ پێچەوانە بێتەوە، واتە دەبێ ئەو دەولەتە لە خزمەتی گەلەکەی بێت .دەربارەی دەستوری تورکیش بە گۆتەی ئەو تەیارە ئایدۆلۆجیە نوێیە، دەبی هەر هەمووی لە بەرژەوەندی پیادەکردنی کۆمەڵگایەکی سکۆلاریزم و دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ بێت ودەبێ واش لە یاساکانی تورکیا بکات ، لە ڕیگەیەوە هەموو تەگەرەکانی نەچنە ناو ئەوروپا هەلگیرێ .واتە دەبی هەر هەمووی سەرەوژیر بکریت و گۆڕانکاری و نوێ کردنەوەی تیا بکرێت .

ئەگەر سەرنجی پارتی عەدالەو گەشەپیدان و سەرۆکەکەی ئەردۆگان بدەین دەبینین تاکو ئێستا هیچ ڕێگریەکی خۆیان لە بەردەم هەوادارانی ئەو تەیارە ئایدۆلۆجیە نیشان نەداوەو لە ڕاگەیاندنەکانیشیان جووت بوونێکی تەواو هەیە لە نێوانیان و بانگێشەکانی ئەو تەیارە . بۆیە مێشکی مرۆڤ زیاتر بۆ ئەوە بڕ دەکات وەک بڵێ ئەردۆگان ئیستعابی کۆمەڵگای تورکی کردووە کە بە چ سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشێ و بە دینیش پۆشتە دەکات . بەڵام ئەو پرسیارەی کە پێویستە بگۆترێ ئایا بانگێشەکانی ئەو تەیارە فکریە لە بە کردارکردنی لە مەو دوای چالاکیە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشەنبیریەکانی تورکیا لە گەڵ باوەڕی دین و مەزهەب گەرێتی عەدالەو گەشە پێدان تێک دەکاتەوە . بەڕاستیش پرسیار گەلێکی وەها پێوەرە کاخوانەکینێ فعلەن تورکیا پێ داوێتە ناو قۆناغێکی جیاتر و گۆڕانکاری ڕیشەیی لە دەستوری توورکیا دەکات و بە قازانجی دیموکراتی و سکۆلاریزمی ڕاستە قینە ، یانەکینێ وەک کۆماریەکانی یەکەم نوخبەی دەسەڵاتی پاشایەتی بە نوخبەی عەسکەر و ئەوەی تێیانەوە ئالاوە دەگۆڕنەوەو لە ناوەرۆکیشدا سیستەمی سیاسی هەمان سیستەمە سیاسیەکەی پیشووتر دەبی بە پۆشتەیەکی تر .

ئەردۆگان کابینەی حکومەتی دووی بە سەرکردایەتی خۆی پێک هێناو . عەبدوللە گۆلیشیان بۆ کۆشکی کۆماری بە سەر خست . بەڵام کێشەی عەسکەر، کورد ، ئەرمەن... گۆڕانکاری لە دەستوور و مەرجەکانی ئەوروپا بۆ هاتنیان بۆ ناو یەکیەتی ئەوروپی ، تا ئێستا بە هەلپەسێردراوی ماونەتەوە . ڕاستە ئەمەریکاو ئەوروپا پێشوازیان لە بە سەرکۆمار بوونی گۆل کرد ، ڕاستە ئەو بە سەر کەوتنەی عەدالەو گەشەپێدان بۆ سەر کورسی فەرمانڕەوایەتی تەنیا بەشێکی لە پەردەی دین بوو کەچی دووو بەشەکەی تری لە ڕێگەی دەنگی کوردو تەیاری سکۆلاریزمی ڕاستە قینەوە بووە . بەڵێ ئایا بۆ لە مەو دوا حکومەتی ئەردۆگان و گۆلی سەرۆک کۆمار لە توانایان دا دەبێت ئەو تۆپەلە بەفرە بەستەلەکەی کەمالیزم بتوێننەوەو لە ڕێگەیەوە داواکاریەکانی کوردو ئەوروپاو کۆمەلگای مەدەنی بە ئامانج بگەیەنن . یان سەفقەیەکی لە بابەت بازرگانی لە گەڵ عەسکەر دەبەستن و شتەکان وەهای دێڵنەوە و لە ڕێگەیەوە تورکیا وەک سەردەمەکانی پیشوو، تەنیا ئەو مانایە بدات کە تەنیا گۆڕانی دەسەڵات لە نوخبەیەکەوە بۆ نوخبەیەکی ترەو بەس .

2007/08/29